ڕۆژئاوا و پەیڤێک لە هەزاران!؟

کورد کە کیانی نییە و ئاڵاکەشی لە ڕێکخراوەکانی ناونەتەوەی ناشەکێتەوە و لە هیچ شوێنێک کورسی نییە، ناتوانێ لایەنێکی ڕەسمی ناو سیاسەتی جیهانی و ناوچەیی بێ. بە پێچەوانە تورکیا، ئێران، عێراقی و سووریای نیوەمەرگ، لایەنی مامەڵاتی ڕەسمی هەن و لەوە زۆرتر تورکیا لە سەر چەقی ڕێگای ئووروپا هەڵکەوتووە، ئەندامی نیزامی و سیاسی ناتۆیە، بە وتەیەکی تر ژاندارمی ڕۆژئاوا و کاندیدی چوونە ناو یەکیەتی ئووروپایە. زیاتر لە سەت ساڵە جووتە لە گەڵ وڵاتی ئاڵمان، لە سەردەمی قەیسەر و سەردەمی فاشیستەکانەوە هەتا ئێستا.

قوورسایی کورد لە چاو ئەو حکوومەتانە و ئاکتۆرەکانی سیاسی جیهان چییە؟ تەنانەت باشووری کوردستان لە حاند بەغدا و دمێشق و ئانکارا و تاران بۆ ڕۆژئاوا قوورسایی نییە و دیترا کە چۆن لە بەر چاوی هەموو جیهان، کەرکووک لە ژێر چنگی کوردەکان و حکوومەتەکەی دەرکێشرا.

ئەوانەی باس کران، ڕاستی تاڵی ژیانی سیاسی کوردە. کورد قوورسایی سیاسی گەر هەبێش گووم و نادیارە. جەلال تاڵبانی، فواد مەعسووم و بەرهەم ساڵح کوردبوون و سەرۆک کۆماری عێراق، بەڵام یەک جاریش لە ساحەی سیاسی جیهان بە دەمیاندا نەهات کە بێژن" من سەرۆککۆماری وڵاتی دوو نەتەوەی کورد و عارەبم" واتە ئەو فیگورانەش، هیچ قورساییەکی سیاسی بۆ کورد نەبووە. حزبەکانی کورد هەموو حزبی ئێرانی، تورکی بوون و هەن و ئەوانەش کە لە ڕۆژئاوای وڵات حەماسەیان خوڵقاندووە و دەخوڵقێنن لە جەغزی سووریی بوون لە بیر وهزر و تێگەیشتن و سیاسەت، دەرباز نەبوون .ئەوانەش ڕاستی تاڵی ژیانی سیاسی کوردە.

ئێستا کە لە ڕۆژئاوا هەمیسان حەماسە دەخوڵقێ، سەرجەم حزبەکانی کورد لە ئامێدەوە هەتا هەولێر و کرماشان بێدەنگی بێدەنگن، هیچ قوورسایی سیاسییان نییە و نابیندرێ، ئەوەش ئەو ڕاستیە دەردەخات کە حزبەکانی بەناو کورد، هێشتا بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی قەیرە و باڵغ نەبوون. ئەوەش ڕاستی تاڵی ژیانی سیاسی کوردە.

ئێستا ڕۆژئاوا لەم بارودۆخەدا، چ قوورساییەکی سیاسی بنوێنێ؟ کورد لە کەمی شەڕەکەر، لە کەمی شەڕڤان، پێشمەرگە، فیداکار، لە کەمی حەماسە مامەڵەی سیاسی نەدۆڕاندووە، لە کەمی قوورسایی سیاسی، لە کەمی کیان، لە کەمی ستراتێژی نەتەوەیی، لە کەمی یەکیەتی نەتەوەیی، لە کەمی ئەرتەشی نەتەوەیی، لە کەمی دیپلۆمات و لە سەر مێزی گفتوگۆ دۆڕاندویەتی. مستەفا بارزانی ئەو کاتەی لە سەر مێزی سیاسی دۆڕاندی، حەفتا هەزار پێشمەرگەی هەبوو، دەیان هەزار گیانبەختکردووی هەبوو، پارە و چەکی هەبوو، حزبی هەبوو.

ئامریکا ڕێگای خۆش کرد بۆ هێرشی نیزامی تورکیا، ئێستا سەرۆکەکەیان خۆی وەک" فریشتە"ی نەجاتی کوردان بە کورد دەفرۆشێ و هەمان داوای ئەردۆغان دەکا بە پرۆتۆکۆلی سیاسی، ئەو داوایەی کە ئەردۆغان بە شەڕ و کووشتار و وێرانکردن پێینەگەیشت.

داواکەی تورکیا لە ڕاستیدا پارچەکردنی خاکی وڵاتێکی تری ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانە. داگیرکردنی خاک بە ئیمزای سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، بە ناوی سیاسەتی سەدەی بیست ویەک، لە کاری چەتەکانی ناو دەریا و کۆلۆنیالیستەکانی سەدەی پازدە و شازدەی سپانیا و فەڕانسە و بریتانیا دەچێ.

ئەو خاکەی کە داوای دەکەن بە قووڵایی ٣٠ کیلۆمەتر و درێژایی ٥٠٠ کیلۆمەتر، دەبێتە پانتایی سێ بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ورمێ هەتا کرماشان.

یەک ڕێگا ئێستا لە بەردەمی کورد هەیە، ڕێگای فشار و زەختی سیاسی - ئابووریی. ئایا کورد هەر ئێستا دەزگایەکی سیاسی وای هەیە کە بتوانێ لە هەر چوار سووچی وڵات و لە وڵاتانی ڕۆژئاوا خەڵکەکەی خۆی، هێزیی سیاسی خۆی بێنێتە مەیدان؟

برایم فەرشی
ئۆکتۆبەری ٢٠١٩